# ئاژاوەیەك لە وێنەوە

كەریم كاكە

لە دەرەوەی ئەو پێناسەیەی كە رژێمە سیاسیەكان بۆ ئاژاوەیان كردووە، پێناسەی دیكەش بۆ ئاژاوە هەیە، دەبینین زۆر جار ئەو سەرهەڵدانانەی كە گۆڕانكاریی هەمەرەنگ و پۆزەتیڤانەیان لە خۆیان هەڵگرتووە، لە دیدی رژێمە سیاسەكانەوە بە ئاژاوە دەخوێندرێنەوە، بۆیە دەكرێ ئاژاوە هەموو ئەو جموجۆڵ و هاتوهاوارانە بگرێتەوە كە لە بازنەیەكی دیاریكراوی مەبەست نا ئایندەیی دەخولێنەوە یان گۆڕانێكی پاشڤەچوونیان پێوەیەو رووەو رابردوو رێدەكەن.

ئەوە چیە وادەكات لە وێنەیەكەوە شەقامەكان پڕبن لە خەلک و ئەو هەموو ناڕەزایی و توندو تیژییە برژێنن؟ بڵاوبوونەوەی وێنەیەكی وا لە هەموو كات و ساتێ ئەوە بەرهەمەكەی دەبێت؟ چ چاوێ لە پشت بڵاوبوونەوەی وێنەكەیەو چ دەستێكسش لە پشتەوەی ئەو توندوتیژیانەیە كە لە وێنەكە كەوتنەوە؟ ئەدی ئەنجام چی دەبێت و چ گۆڕانكاریەكی لێدەكەوێتەوە؟ پرسیار زۆرن... هەوڵدەدەم بە سووكە ئاماژە قسەیان لێوە بكەم.

دنیای ئیسلام بە فەرمانڕەواو بەرهەڵستكارەوە لە قەیرانێكی قووڵدا دەژی و خاڵیە لە هەر هێزو وزەیەكی سەردەمیانەو ناتوانێ لەگەڵ ژیانی سەردەم ژیانبكاو خۆ بگونجێنێ، بەرانبەرەكەیشی ئەو راستیە دەزانێ و وەک تاقیگەیەک لێی دەڕوانێ و كاری ئەزموونگەری لە سەر دەكات، خاڵە لاوازەكانی دنیای ئیسلام لە دەستی ئەودایەو دەزانێ بە فووێكی گەرم هەڵدەبێ و بە فووێكی ساردیش دەكوژێتەوە...دنیای ئیسلام كە فەشەلی هێنا لە سیاسەتی سەردەمیانە، دەیەوێ بە هێزی رابردوویەكی دووری لە كاركەوتوو لە گۆڕەپانەكە بمێنێتەوەو شەڕبكات

ئەگەر وێنە كاریكاتێریەكە هەوڵێک بووبێت بۆ شێواندنی پێغەمبەری ئیسلام، ئەوا ئەو كاردانەوەیەی لێیكەوتەوە بەكردەوە پێغەمبەری ئیسلام و ئیسلامی لە دیدی بەرانبەرەوە پتر شێواند، یان وێنەیەكی تەواو نێگەتیڤی خۆی پێشكەش بە (ئەویدی) كرد، راستیەكەش هەر ئەوە مەبەست بوو، وێنەكە مەبەستی خۆی پێكا، بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەیە تاقیكردنەوەیەكی سەرزاریانە دنیای ئیسلام بوو كە لێی دەرنە چوو.. ئەگەر وەڵامی دنیای ئیسلام بۆ وێنە كاریكاتێریەكە وەڵامێكی شارستانیانە با، دەبووە شكست بۆ بڵاوكەرەوەی وێنەكەو ئەوەی لە پشتیەوەش وەستاوە –ئەگەر هەبێ– هەروەها دەبووە پێشكەشكردنی وێنەیەكی جوانی ئیسلام بە بەرانبەر، بەڵام لەو كاتو ساتە قەیراناویە هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەكرێ.

وەک بینرا وێنەكە بە واتای وشە ئاژاوەی لێكەوتەوە، ئاژاوەیەكی سەر رێژ سیاسی، سەرجەم خواستە سیاسیە نەزۆكەكان رژانە شەقامەوە، ئایین لە بن باڵی

سیاسەتەوە دەبینراو بەرزی کردبۆوە، ئایین تا ئەو شوێنە دەوری هەبوو دوعای تەمەندرێژی بۆ رژێمە ئیستبدادیەکان و بەرهەڵستکارە ئەشکەوتیەکان دەکرد... دنیای ئیسلام بە توندی جەختیکردەوە کە لە دەرەوەی سیاسەت ئایین نرخی نیەو دەقێکی مردووە، لە دەرەوەی ئایینیش بۆ ساتێکی دیاریکراویش بێت، سیاسەت هەناسە ناداو ناژی.

دنیای ئیسلام لە دەرەوەی بەڵگەی سەلمێنراوەوە دەیەوێ بە رۆژئاوای بسەلمێنێ کە دەسەڵاتی چوارەم هەرگیز نەبووەو نیەو نابێت، دنیای ئیسلام بە دەنگی بەرز بە رۆژئاوای گوت: ئەگەر رۆژنامەنووسێک لە دانیمارک هەلەیەکم بەرانبەر بکات، من ئامادەم تۆڵەی ئەوە لە هاوڵاتیەکی ئاسایی دانیمارکی بکەمەوە.